سەمەرە

# ئاوێنە

ئازاد هەینی



چەمکە زانستییەکەی ئاوێنە، نواندنەوەی وێنەی بەرجەستە و دیار و ئاشکرای ئەو تەنانەیە کە دەخرێتە بەردەمییەوە، وەلێ لەلای هونەرمەندە شێوەکار و دەسترەنگینەکان مانایەکی قووڵتر و فراوانتر دەبەخشێ، کاتێ لە بەردەم ئەو جیهانە هەستەوەرەی هونەرمەند ساتێک دەوەستینەوە کە خراوەتە چوارچێوەی تابلۆوە، هەست بە چەندین وێنەی ئاوێنە دەکەین، کە ئەمەش بەرفراوانی و دوورایییەک دەخاتە سەر تابلۆکە، لە هەمان کاتیشدا تایبەتمەندییەک دەبەخشێتە دیمەنی دیوی دەرەوەی هونەرمەندەکە، کە هەرچەندە تا ئێستا وەک پێویست نەیانتوانیوە بیکەنە فاکتەرێک بۆ بەرگری لە خودی خۆیان.

هەر بەهۆی بەرزنرخاندی مانای ئاوێنە لە تابلۆدا، دەبینین زۆر لە مۆزەخانە بە ناوبانگەکانی جیهان سالانە پێشانگای تایبەت بە مەبەستی دروستکردنی تابلۆ لەسەر ئاوێنە یاخود وێنەکردنی ئاوێنە لە ناو تابلۆکاندا، ئەنجام دەدەن بۆ ئەوەی دیمەنەکە پاڵپشتێکی تری هەبێ، چەندین و چەندین تابلۆی نایاب لە شوێنە گشتی و تایبەتییەکان دەبیندرێت کە لایەنێکی ئاوێنە تیایە، ئەوەتا ئەو تابلۆیەی کە دایک و منالێک تیا دەبیندرێ و لە رووکاری دەرەوە، وا دەخوێندرێتەوە کە سەرباری جیاوازی تەمەن لە نێوانیان، کەچی ئەوە دەگەیەنێت کە تازە هاتبنە وجود، دیوی ناوەوەشی بێگومان بە چەند مەغزایەکی تر دەخوێندرێتەوە، ئەوەی زیاتریش باوە، زۆرێکی تر لە هونەرمەندانی شێوەکاری، وێنەی خۆیان لەسەر شێوەی (پۆرترێت) لەسەر ئاوێنە دروست دەکەن و بە دیواری ژوورە تایبەتییەکانی خۆیان هەڵیدەواسن، ئەمەشیان خۆی لە خۆیدا زۆر مانا دەگەیەنێت، ئەگەر ئەوەشیان پێ نەکرا، پەنا بۆ کەنار دەریاکان دەبەن، وەک ئەو تابلۆ بەناوبانگەی کە لە زۆربەی کافتریا و شوێنە گشتییەکان و چایخانەکانی خۆشمان دەبیندرێت، کە چۆن پیاوێکی ریشداری بەتەمەن و غەمگین، بە خەیاڵەوە جگەرەیەکی بە سۆتەکەوە لە دەستە و پیاڵەیەکی بەتاڵیشی لە تەنیشتەوەیە، بێگومان ئەمیشیان دوو خوێندنەوەی بۆ دەکرێ، یەکێکیان واقیعیە و ئەوەکەی تریشیان خوازراوە کە لەناو دەریاکە تریسکە دەدات، خەیاڵی ئەم هونەرمەندە لە بەرجەستەکردنی واقیعێکی ناو تابلۆکەدایە، دوو مانا دەبەخشێت یەکێکیان هەموو کاتێک ئەوە دەسەلمێندرێت کە مرۆڤ لە هەر تەمەنێکدا بێت، خاوەن هیوایە و بیر دەکاتەوە، دووەمیشیان ئەم بیر کردنەوەیان دوورخایەنە و لەگەڵ کات و ساتی ئێستا ناگونجێ، تابلۆیەکی تریش هەیە کە ژنێک بەترس و لەرزەوە تەماشای خۆی دەکا، وەک ئەوەی یادگارە تاڵ و ناخۆشەکان بیدوێنێت، ئەوە بیر خۆی بهێنێتەوە کە هەمیشە خۆشەویستەکەی موجامەلەی کردووە پێ ی وتووە.. ئازیزم، سێوێک هەیە، لەتی بۆ من لەتێ بۆ تۆ،گرەوێک هەیە، ژیان بۆ تۆ، عەشق بۆ من، نقومارێک هەیە، خیانەت بۆ تۆ، عەشق بۆ من، سەرەنجام هەمووی درۆ دەربچێ و نەتوانێ رووبەڕووشیان ببێتەوە، بەکورتی تابلۆی ناو ئاوێنەکان ئارەزووی مرۆڤە بۆ تێگەیشتن لە خودی خۆی، لە تابلۆ هەرە بەناوبانگ و سەرنجراکێشانی جیهان تابلۆی (دادپەروەری) یە کە تا رۆژی ئەمرۆشمان نەزانراوە کێ خاوەنی راستەقینەی ئەم تابلۆیە. کە تیادا خانمێکی ئیشک سووک و قەشەنگ دەکەوێتە بەرچاو، بەدەستی چەپی (تەرازوویەک)ی بەرز کردۆتەوە، دەستەکەی تریشی خستۆتە سەر ئاوێنەیەک و بەرامبەر ئاوێنەکەش کەللەسەرێکی مرۆڤ دانراوە، بۆیە هەقە و پێویستە ئێمەش تێرامان و بیرکردنەوەمان لە بەردەم ئەم دیمەنە سەرنجراکێشە قووڵ بکەینەوە، بزانین مەبەست لە چییە!! دەبێت ئەو دیمەنە، دیمەنی دوا رۆژی خۆی بێ، یاخود دیمەنی ئەو رۆژە بێت کە هەموو پیاو خراپ دیکتاتور و گەندەڵچییەکان چاوەڕێ دەکەن و دەچنە ناو قەفەسی پڕ شەرمەزاری و رۆژانە بەقەد تاوانەکانیان، خۆیان سوکایەتی بە خۆیان دەکەن.